# ژن بۆ خۆي دەسوتێنێ ⁉

عادل شاسواری

لەوساتەوە کە بەکەسێکیان ووتوە : وەجاخی ڕونە ،واتە : نەوەی هەیە و نایەڵن کوانوو و چاخی ئاگرەکەی خامۆش ببێت . وەجاخ یەکسان نە بە ئەو ژن وماڵ ومناڵەی کە لەناو حەرەمی ماڵی ئەودا ئاوەدانیەکی دروست کردووە ئەگەر زۆرتر بڕۆین بۆناو قوڵایی ڕەهەندی وەجاخەوە ئەوا وەجاخ ئەبێتە ئەو کوانووەیکە لەوماڵەدا ئاگری تیادا ئەکرێتەوە ئەو ئاگردانەی کە ئەبێتە هۆی گەرمی وروناکی ماڵەکە ، بەماڵێک ئەوترێت وەجاخی ساردە واتە کوانووی ئاگرەکەی ناگرێت وماڵێکی هەژارن وهیچیان نییە.
لێرەدا واتای وەجاخ دووڕەهەند وەردەگرێت ، جارێک بەمانای ئاگر وئاگردان و زۆپا و کوانوو دێت جارێکی تر بەمانای کەیبانوو و ژن و خێزان دێت ئەوەندەشی ژن و خێزان لەگەڵ ئاگردان دا خەریکن ، ئاگردان بوە بە ماڵ و ماڵیش یەعنی ژن و ژنیش یاعنی ئاگر . ئەگەر تێبینی بکەین ووشــەی کوانوو لەگەڵ کەیبانودا زۆر لەیەکەوە نزیکن کە ئەکاتە کورتەی مانای وەجاخ ، ئەم کورتە پێشەکییە بۆ ئەوەم هێنایەوە:
-کاتێک کچێک یان ژنێک کە لەوپەڕی تەمەنی گەنجیدایە بۆچی دەچێتە کەژاوەی قەقنەسەوە ؟
-بۆچی دەستی دەچێتە گیانی خۆی و لەوێنەی پەلکە زێڕینەیەکی سوتاو زیاتر هیچ لەدوای خۆیجێناهێڵێ.
ئافرەت ، ژن ئەو جەستە ورۆحە گەرمەیە کە لەماڵدا مایەی گەڵاڵەکردنی کۆی گەرمی و خۆشی و چێژ وئاوەدانی ماڵە .. ئەڵێن : ئەویش هێندەی لەگەڵ تەباخ و ئاگردان و ئاگردا ئەژی هەرگیز پیاو وا لەگەڵ ئاگردا ئاشنا نییە بۆیە ئافرەت لەکاتی تەنگانەشدا هەر هانا ئەباتەوە بەر ئەوەی کە زیاتر لەگەڵیا ئاشنایە .. ئەو هاوڕێیەی کەشەو و ڕۆژ لەگەڵیدا هەڵس وکەوت دەکات ئەگەر میوانێکی بێت بەهۆی ئاگرەوە شتێکی بۆ ئامادە دەکات ، کاتی ژەمەکانی خواردن بەهۆی ئاگرەوە ئامادەکات ، هەربۆیە بۆکاتی ماڵئاوایشی لەم ژیانەی هەر بەهۆی ئاگرەوە ماڵئاوایی لە تەمەن و جوانی خۆی دەکات .
ئەمە ئەکرێت خوێنەوە یەک بێت بۆ ساکۆلۆژیەتی ئاگر ونزیک بوونەوەی لەرۆحی ژنەوە . لەم ماوەیەی رابردوودا هاورێییەکم هاتە لام و باسی ژنە سووتاوەکانی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی ئەکرد کە بۆ خۆی یەکێک بوو لەوکەسانەی کە چ وەک کارمەندێک لەوێبوو ، هەم وەکو ئاواتیش هیوای ئیشکردنی بوو لەو بەشەدا ، لەبەر ئەوەی کەبۆخۆی کەسێکی بەسۆز بـــوو بەرگەی ئەو نەخۆشانەی نەئەگرت بەتایبەت کچان و ژنانی ئەم شارە کە بەسوتاوی و نیمچە زوخاڵی ئەهاتنە بەردەستی ئەو لە لایەکیش چونکە مەرد بوو وە هۆکاری زۆرێک لە بەرەژووبوونی ئەو کچ و کاڵانەی ئەگێڕایەوە بۆ هەژموونی ( ستەمی پیاو لەماڵدا بەهەرسێ جۆرە کاراکتەری ( باوک ، برا ، مێرد ) هەربۆیە ئەویَ هەڵبژارد و

وەک گۆڕەپانی خزمەتکردنی ئەو بەو جیهانە ناسکە.
جا ئەو هاوڕێیەم کەمێک لەلام گریا ، منیش دەمزانی ناخی دەسوتا و ئەیزانی کە ئەوانە زۆربەیان ئازار ئەدرێن و رۆحیان بریندار دەکرێت گڕلە ویژدانیان بەر ئەدرێت .. هەموو جۆرە ئومێدەکانیان دەسوتێنرێن لەبەر چاویاندا ، ئینجا ئەوانیش ناچار دەبن گڕ لەجەستەی خۆیان بەربدەن ، بۆیە بەحوزنێکی قوڵەوە دەیوت:

-مەحزونم بەوەی کەژاوەیەک لە ئەستێرەی جوان ، لەپەلکە زێڕینەی ڕەنگاو ڕەنگ ، لەکچ وکیژۆڵەی ڕووپاک ، دەم بەخەندە .. غەدرلیَ کراو ئەبن . بەدەستی بیَ بەزییانە بەو ناکامە پڕ لەحەسرەتە ئەگەیەنرێن ، بەهەموو جۆرێک ئیهانە ئەکرێن ئەتۆرێنرێن ، ئاخر کچ ناسکە زۆر بەئاسانی ئەتوانی رۆحی بکەیتە خرخاڵ .. تەنانەت لەکریستاڵیش ناسکترە هەر زۆر زوو لەژیان ئەتۆرێت ، وەرە بڕوانە ئەو هەموو سووتاوانە دە کچ بیست کچ خۆیان ئەسوتێنن ئینجا لەوانەیە کوڕێک دەستی بچێتە خۆی ، ئەمە ئەگەر هەر مانایەکی لیَ وەربگریت پێش هەموو شتێک ئەو مانایە ئەدات بەدەستەوە کە کچ چەندین جار لەکوڕ کریستاڵیترە ، رۆحی ناسکترە ، دڵ ودەروونی بەتریفەترە ، هەر بۆیە بەهەڵس وکەوتی زبر و رەقی پیاو هەر زوو لەتریفە ئەکەوێت زووش رۆحی بەخرخاڵ دەبێت زووش دڵ ودەرونیئەشکێت.
بۆیە کاتێک کە گویَ ئەگرم لەچیرۆکی ئەو کەژاوە سووتاوانە رۆحی منیش لەگەڵ ئەواندا ئەبێتە هاویار و هاودەم و هاورازی خەم وحوزنە قوڵەکانیان ..لەم بەینەدا خونچە و گوڵە و دابان وچیا وشەوبۆ و تریفە وهەناسە و وژیان و گیان و...کیَ وکیَ وکێیان هێنا ، کەهەر یەکێکیان بۆخۆی وەڵامێک بوو لەڕاز و دیوانێک بوو لەشیعر و کتێبێک بوو لەحەسرەت و دەریایەک بوو لە میهرەبانی و کۆگایەک بوو لە ئومێد وهیوا و لەم لاشەوە یەک پارچە زوخاڵێک بوو لە جەستەو قەقنەسێک بوو لەباڵا.
+منیش ووتم : رۆحی ئەوان لێوان لێوە لەسۆز وقوڵپ ئەدات لە ئەندێشە و تا چاو بڕکات پڕ لەهیوا ، تۆ پێت وایە چ شتێک ئەو رۆحە پڕ لەهیوا و بڕوایانە بەکەژاوەی سووتان ئەگەیەنێت ؟
-ووتی : بەگشتی لەوانەیە هۆکار زۆربن ، بەڵام من لێرەدا قسەم لەسەر ئەو گوڵانە نییە کە بەهۆی ڕووداوێکەوە کە مەبەستی خۆسووتانی خۆیانی تیادا نییە چونکە ئەوانە زیاتر هەستی من ئازار ئەدەن ئەوانە پەرییەکی رووپاکن هەرچی یەک لەبارەیانەوە بڵێم هەر کەمە ، بەڵام من لێرەدا مەبەستم لەو گوڵاڵە سوورانەیە کە دەستی خۆیان جیَبەجیَکاری کارەکەن و دەستیپشتیپەردەش فەرمانی پیَدەدات و هانی ئەنجامدانی ئەوکارەی دەدات و هەموو ڕێگاکانی لەبەردەمدادەخات و تەنها ڕێگەی ئەوەی لەبەر دەم واڵا دەکات و شوعلەکەی بۆ دادەگیرسێنیَ .. بەڵام ئەمانەش لاوازی بڕوایان لەساتێک لەساتەکانی کڵپە لەخۆ سەندیاندا ئەگاتە سفر بۆیە ئەتوانن دەنکە شقارتەکەی دەستیان داگیرسێنن .
منیش لەناو حەسرەتێکدا بووم ئایا هەر بەدیار ئەم رازی گوڵە سیس بوانەوە رۆژمێرەکە

هەڵدەمەوە وەکو کەسێکی بیَ باک لەخودی کارەساتەکە ژین بگوزەرێنم ، وەکو کەسێکی بەسۆزیش لەبەر خۆمەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیەمدا فرمێسک بڕێژم.
چونکە ئەو زۆر هەواداری ئەو هەموو خەم وئەندێشە وهیوا بەرینانە بوو .. ئەکرا ئەویَ بەجیَ بهێڵێت و بڕوات بۆجیَیەکی تر و کار و وەزیفەیەکی تر هەڵبژێرێت ، بۆیە پێم ووت هاوڕێم : تۆ ئەگەر تریفەی سوتاو و ڕەژووی گوڵ وقەقنەسی هەڵالە ، خنکانی کانی ، فرمێسکی خوێنین ، کەژاوەی خاڵی ، سووتانی پەلکە زێڕینە ، ئازاری کچ ، حوزنی ژن ، بۆکروزی ئافرەت ئازارت ئەدات ورۆحت بریندار ئەکات و ئیتر ناتوانی بەرامبەر بەو هەموو مەملەکەتی برژان زوخاڵە بیَدەنگ بیت ، بەردەوام لەگەڵ هەڵقرچانی کیژۆلەیَەکی نوێدا تۆش ئەسوتێیت ، لەگەڵ بەناکام گەیشتنی مانگێکی سوتماکدا تۆش گیان ئەدەیت ئەویَ بەجیَ بهێڵە .. هاوڕێم .. لەویَ بڕۆ ..
-هەرچەند بیر ئەکەمەوە ناتوانم .. ئەوە راکردنە لەواقیع .. ئاخر تۆ بۆخۆت ئەزانی کە من رۆحێکم لە حوزن و باڵایەکم لەحەسرەت و ڕوبارێکم لەگریان ، ئایا ئەگەر من ئەو کیشوەری سووتانە جیَبهێڵم ئیتر هیچ گوڵێک نابێت بە قەقنەس ؟ ئیتر هیچ کەژاوەیەکی ئەو خونچانە ناگاتە دەربوونەی مەرگ ؟ ئیتر کەیبانوویەک نابێتە کووانوو ؟؟
+دەی کەواتە .. بژی و بمێنە لەگەڵ غوربەتی خەم ودەرنەچوونی هەناسە و سووتانی شوعلە وسیس بوونی باران و خنکانی پێکەنین ، قریوەی کیژانی بەر باڵە کۆنەکانی ژیان ، برایەکی باش و هاوریَیەکی نزیک وگیانێکی گەرم وهاوکارێکی بەردەوامیان بە ئەوەندەی ئەتوانی هەوڵ بە چیرۆکەکانیان ، بیرەوەرییەکانیان یاداشت بکەیت و ، فرمێسکەکانیان بنووسیتەوە .. هێندە فرمێسکیان لیَ بخوازە تافرمێسکیان لانامێنیَ و بکەونەوە باوەشی ئەوین و خەندە وپێکەنین ، بیانسپێرە بەخوایەکی میهرەبان کە خاوەنی مانگە شەوێکی ڕوونە کە خاوەنی گەلە ئەستێرەیەک تریفەیە کە خاوەنی خۆرێکە هەرگیز کۆن نابێت .. قەت لە شوعلە ناکەوێت .. ئەرشیفێک روناکی لەلایە ، بەژیانێکی نویَ ، داهاتوویەکی جیاواز ، ئاسۆیەکی تر ، سوار چاکێکی خەیاڵ بیانخەرە ناو کەژاوەی خەونەوە وبەسەر باڵی فردەوسێکدا بەرەو گەیشتن بەترۆپکی هیوا وخەونەکانیان بیانخەرە ڕیَ.
هاوڕێم تکایە هەمیشە تۆ گوڵی سیس بوونی هیوایان بگەشێنەرەوە و لە چرکەیەکی گیاندانیان باسی گەشترین ڕۆژی ژیان ، مەزنترین هیوای تەمەنیان بۆ بکە.